www.kurdistannet.org

23-7-2007 17:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خەمێک کەم تر یان ئازارێک زیاد تر ... یادگار ئەمین

نەرویج /ئۆسلۆ
20. 07. 2007

پاش دا ڕومانی دەسەلاتی سەددام و دارو دەستەکەی، هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی لێپێچینەوە



لەگەل دارو دەستەی سەرانی بەعسی بێ پەناوهەلوەشاوە دەستی پێکرد. بە پێی ئەو کارتانەی کە ئەمریکیەکان دەست نیشانیان کردبو لە سەری گەورەوە بۆ بچوک دەست گیر کران و ئامادە کران بۆ بەردەم دادگا و لێکۆڵینەوە. سەرەتا لە سەر زلەکەیانەوە گلۆڵەکەیان بەرەو دادگا لێژ کرایەوەو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر (مەحبوبل مەلایین... !!؟؟) سەپاند بەو سزایەی گەیاند کە ئاواتی زۆرینەی گەلی عێراقی تێدا بەرجەستە دەکرا. کارمان نیە بە چۆنیەتی لە سێدارەدانی و مامەڵەکردن لەگەڵ (سەدام حوسێن) دا، گرنگ ئەوە بوو یاسا دەسەڵاتی خۆی سەپاند و بڕیارەکەی دادگا بە هەند مامەڵەی لەگەڵدا کرا لە لایەن دەسەلاتی عێراقەوە و، دیکتاتۆریەتیش لە ڕیشە هەڵکێشرا. دوا بەدوای (ئەبو حەلە) نۆرەی براو خزم و ئامۆزا و دارو دەستەکەی هات. هانگاوەکانی مەرگ تەنگی بە هەمویان هەڵچنی، یەک لە دوای یەک ڕاپێچی دادگا کران و بە سزای عادیلانەی خۆیان گەیشتن. منیش وەک هەمو کوردێکی ئازار چەشتوی هەڵەبجە ئاسودە بوم بەوەی کە سەرانی بەعس بە سزای خۆیان گەیشتن، دڵنیاشم کە ڕۆحی شەهیدانی هەڵەبجەی ئازیز بەم هەواڵانە ئارام ئەبنەوەو و پیرۆزبایی لە یەکتری دەکەن بەهۆی لەناو چونی زوڵمو زۆری ئەو مۆتەکانەی کە دوژمنی ئازادی مرۆڤەکان بون. لە پاش بڕیاری لە سێدارەدانی (عەلی کیمیاوی) دەنگۆی ئەوە هاتە ئاراوە کە دەیانەوێت ئەم کارە لە (هەڵەبجەی شەهید) ئەنجام بدەن، تاکو تۆڵەی ئەو هەمو زوڵمو کیمیا بارانە بکەنەوە کە (عەلی کیمیاوی) لە مێژووی دەسەڵاتیدا ئەنجامی داوە بەرانبەر بە کورد بە تایبەتی و گەلانی عێراق بە گشتی، هەروەها کەسو کاری شەهیدانیش بەم کارە دڵخۆش بکەن.. ؟. هەرچەندە بڵێین و بنوسێن ناتوانێن ئەو تاوان و خەمانە کەم بکەینەوە کە (سەرانی بەعس و عەلی کیمیاوی) ئەنجامیان داوە لەم شارەدا و لە شوێنانی تریش. بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێت ئازارەکانی ناخمان هەڵچونێکی دەرەکیمان بۆ بسازێنێ و بە عاتیفی بیر لە مەسەلە سیاسیەکان بکەینەوە. بە بڕوای من لە ناو چون و لە سێدارە دانی (عەلی کیمیاوی) لە هەر شوێنێکی عێراقدا بێت ئەنجام ئەدرێت و کۆتای بە ژیان و بیری شۆفێنی (عەلی کیمیاوی) دێت. لە هەمان کاتدا کوردستان بە گشتی و هەڵەبجە بە تایبەتی دوور ئەخرێتەوە لە ڕقو قینی عەرەبە شۆفێنیەکان و تیرۆرستان و و ئاژاوە گێران. ئەوەی گرنگە بۆ گەلانی عێراق و ڕای گشتی جیهان ئەوەیە کە ئەزانرێت چۆن دامو دەزگاکانی ڕژێمی پێشوی عێراق مامەڵەیان لەگەڵ گەلانی عێراقدا کردووە، چۆن بەرەنگاری خەڵکی سیڤیل بونەتەوەو بە ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید کردنیان. دادگایی کردنی سەرانی بەعس خۆی لە خۆیدا نیشاندانی تۆڵەی خەڵکی هەڵەبجەیە و دۆسییەی کیمیا باران

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

یەکێتی ناوەندی ئەوروپا 23-7-2007 17:29

یەکێکە لە هەرە بەڵگە گەورەکان کە دادگا لێپێچینەوەی لە سەر دەکات لەگەڵ تاوان باران بە گشتی و (عەلی کیمیاوی) بەتایبەتی. شەهیدانی هەڵەبجە ئاسودە دەبن بەوەی کە شەقامێک یان گەڕەکێک یان ماڵێکی هەڵەبجە ئاوەدان بکرێتەوە، نەک هێنانی وەیشومەیەکی بۆ هەڵەبجەو قێزەون کردنی خاکی ئەم شارە بە هێنانی جەستەی دڕندەیەکی وەک (عەلی کیمیاوی) نامۆ بە هەمو یاسایەکی جوانی مرۆڤایەتی. ئاواتی خەڵکی هەڵەبجە ئەوەیە کە حکوماتی هەرێم و کاربەدەستان هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجەو گوێ لە خەمو ئازاری کەسو کاری شەهیدانی هەڵەبجە بگرن دور لە (فۆرمالیستی) . نەوەک هەوڵ بدرێت سیماو ناوی ئەم شارە بشێوێنرێت بە لە سێدارە دانی (عەلی کیمیاوی) لە هەڵەبجەدا. بە دڵنیاییەوە هیندەی تر خەڵکی ئەم شارە توشی بێ هیواو و پەژموردەی دەکات، چونکە بەردێک نەخاتە سەر بەردێک و ئاوەدانیەک لەگەڵ خۆی ناهێنێت.

yadgar_amin@yahoo. no

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.